نووسینی *سارا عومەر*، دانمارک

2006 / 2 / 1

Xozga86@hotmail.com

# پێنووسێکی بێچارە

کە لە ( د ا ی ک ) بوو پێنووسێکی بێ زمان بوو

کاتێکیش مەزن بوو سەر تا پایان لە قەفەزی درۆ نا

کافرەکان سات دوای سات ئەیان چەوساندەوە

نینۆکە چڵکنەکانیان کردبووە گەورەترین هاوڕێی و

گشت ڕۆژێک دووچاری نەشتەرگەری هەڵکۆڵینی دەمارە شینەکانیان دەکردەوە

چەند نامۆ بوو !

زەمەن هات و زەمەن ڕۆشت گێژاوی بیر یەخەی پێگرت

ئەو پاکی پەرژینیی بوو.. بەڵام

ڕۆژگاری بێ دین لەنێو پەنجە چەپەڵەکانی ئەوانی نا بوو

ئەو دەیزانی ...

پێنووسێکی پڕ ئەزموونە

پێنووسێکی بێ  ناڵا و

دواتریش بێ نەخشە یە

پێنووسێکی بێ وڵاتە

بێ منە.. بێ خۆشەویستیە

پێنووسی هاوڕێی

شووعلەی مۆمێکی تەنیایە

چەند نامۆیە!

پێنووسێکە...

پڕە لە سۆزە بێ ئەندێشەکانی تاریکایی

تا دەتوانن * د ر ۆ * ی پێ دەکەن و

ترسنۆکانە لاشە سپییە پەنیریەکەی لە سێدارە دەدەن

پێنووسێکە...

جوانتر لە ئەستێرەی قووبەی شین و

بۆن خۆشتر لە دەرکەوتنی شنەی بەیان و

بێدەنگ تر لە

تروسکەی هەناسەی گیان هەڵدانی کۆرپەلەی دەمی گوورگێک

چەند نامۆیە!

پێنووسێکە...

ڕاستگۆ تر لە دڵی دڵدارێکی دەمە و ئێواران

دڵ پاکتر لە دڵی دایکە شەهیدێکی هەناسە سارد و

ڕەشپۆشتر لە پۆشاکی ژنە ئەنفالێکی چاوەڕوانی چرپەی پێکان

دوژمنانە...

تا دەتوانن زیندانی هەستە ناسکەکانی دەدەن و

زۆردارانە

ناچاری دەکەن هەناسە قووڵەکانی بە ئامێزی مەرگ بسپێرێت

تا بۆیان دەکرێت

درەختی تەمەنی بە بارانی درۆ سەوز دەکەن و

پاشان ئاشنای گەرمی گڵی دەکەن

چەند نامۆیە !

ئەوان...

بە فرمانی تۆپزی وشەی وڵاتی پێ پێناسە دەکەن و

لە هەمان کاتیشدا

بۆی نیە بڵێت

کوردم

خاکم کوردستانە و

دڵم لە چوار سوچەوە دزراوە !!

چەند نامۆیە !

ژوان...

ژوانی من و ئەو ژوانێکی پڕ بەزەیی بوو

رۆژی یەکەم

ئەیکردم بە خووشکە بچکۆلەی

رۆژی دووهەم

بە میوانم ئەبوو و ماستاوی خۆشەویستی دەرخوارد دەدام

ڕۆژی سێهەم

بۆ یەکەم جاری ژیانی ئەو

بۆ یەکەم جاری ژیانی من

پێی دەووتم

خۆشم دەوێیت.... بیرت دەکەم

لەگەڵمایت...

ڕۆژی چوارەم بۆ چوارەم جار دەنووسێت

گووڵە ، زامەکانم دەبنە مۆتەکە و

گشت شەوانێک

ئازاری خنکاندن دەکەنە میوانم

بگەرە فریام

بە پەڕەی گووڵێکی سوری غەریب

دڵم شیتاڵ شیتاڵ دەکەن و

پاشان خوێنە سورەکەم دەکەنە بادەو

خۆیانی پێ مەست دەکەن

بیرت دەکەم... ئەمشەو بێ تۆ ی بۆ گردی سەیوانم دەبات

ڕۆژی پێنجەم دەنووسێت

نووقمی دەریایی فرمێسکە سوێرەکانم بووم

شەپۆلە بێ بەزەییەکان ڕاپێچم دەکەن و

دواتر تۆم لێ ئەفرێنن

بگە فریام خۆشەویستە بێ نازەکەم

ڕۆژی شەشەم .. کۆتایی ژیانیی من و پێنووسە

ئەو دەڵێت...

هەوڵمدا

بگەمە لووتکەی خەونەکانی سارا و

دوا ژوانی لەگەڵ ساز کەم

ڕێیان لێ هەڵە کردم

قەدەر لێکمان دەکات!!

من تا هەبووم درۆیان پێ دەکردم

بەلام دلم درۆی نەکرد

تاقە گووڵەکەم..

پێش لە سێدارە دانم دوا بەڵێنم پێ بدە

ڕیگری قەراغ دەریای فرمێسکەکانم بە

لە چاوەڕوانی کوپەڵە شووشەیەکدا

بە چرپە لەگەڵ دەریا شینەکە بدوێ

ئەو نهێنیی ناوەرۆکی کوپەڵە ئەڵماسەکەت پێدەڵێت

پێنووسەکە بۆ دواجار دەنووسێت

کوپەڵەکە نهێنی ژیانی منت پێ دەڵێت

**تکایە بە ئامانەت گوویێ بۆ بگرە**

**کوپەڵەکە..**

**چرکە ناشادەکانی تەمەنی من و**

**(م ا چ ە) وەنەوشەییە هەرگیز نەکراوەکانی لێوە ئاڵەکانی تۆ و**

**خەونە پەرد بووەکانی بۆ یەکبوونمان و**

**پاسارە پڕ حەزەکانی نیگایی ئێمەو**

**سۆزە نائوومێدەکانی خۆمی تیایە**

**گووڵە گیان بە عەشقەوە گوێ بیستیان بە**

**چیتر زەمەن من بۆلای درۆزنەکان ڕاپێچ دەکات**

**با چیتر خۆشەویستی تۆ لەگەڵ جەستە بێتاوانەکەما**

**زیندە بە چاڵ نەکرێت**

**با**

**نە من تۆ بم**

**نە تۆش من**

**نە ناوی تۆم بە درۆ پێ بنووسن و**

**نە بە درۆش**

**وێنەی سیما خەمگینەکەتم پێ بکێشن**

**بیرت دەکەم...**

**تۆ... تۆ**

**لەبیرم کە**

**لە یادم کە... ل ە ی ا د م ک ە**